# کورد لە ڕۆژنامەی «آذربایجان»

## ئۆرگانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا ١٣٢٥- ١٣٢٤هەتاوی

کامران ئەمین ئاوە


آذربایجان

بە هاتنی سپای سۆڤییەت و بریتانیا بۆ ئێران لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ و خۆبەدەستەوەدانی سپای ئێران لە ماوەیەکی ٣ ڕۆژەدا، بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئەم وڵاتە و بەتایبەت باکوور و ڕۆژئاوای ئێران لە کۆنترۆڵی حکومەتی تاران هاتە دەرێ و، بە تێکشکانی فەزای سەرەڕۆیی حکومەتی ڕەزاشا بارودۆخی پێویست بۆ دامەزراندنی کۆڕ و کۆمەڵ و حیزبە سیاسییەکان لە ئێراندا پێک هات.

لە ساڵی ١٣٢٤ واتە چوار ساڵ پاش داگیرکرانی ئەم ناوچانە لە لایەن سپای سوورەوە، بە پێی هەبوونی بەستێنی کۆمەڵایەتی- سیاسی و فەرهەنگی، هەروەها پێشینەی چالاکی و خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان - وەک درێژەدەری کۆمەڵەی ژ. ک، لە ٢٥ گەلاوێژی هەمان ساڵ لە مەهاباد[١] و فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ١٢ خەرمانان لە تەورێز دامەزران.

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ئازەربایجان (دەوری دووەم) وەک بڵاوکەرەوەی بیر و هزری فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دوو ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوەیە، لە ١٤ی خەرمانانی ١٣٢٤ لە تەورێز بە بەڕێوەبەریی عەلی شەبستەری[٢] چاپ و بڵاو کرایەوە. شەبستەری پێشتر بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی «آذربایجان» (واتە دەوری هەوەڵی ‹آذربایجان›) وەکو بڵاوکەرەوەی بیری «جمعیت آذربایجان» لە ساڵانی ١٣٢٠ بەولاوە بوو. یەکەم ژمارەی دەوری هەوەڵی ‹آذربایجان› لە ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٢٠ لە تەورێز بە زمانی تورکیی ئازەربایجانی و فارسی چاپ و بڵاو کرابووەوە. لە ١٤ی خەرمانانی١٣٢٤ «جمعیت آذربایجان»ی[٣] شەبستەری پەیوەست بوو بە فرقەی دیموکرات و، ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› کە ئیتر تەنیا بە زمانی ئازەربایجانی بڵاو دەبووەوە، بوو بە ئۆرگانی فەرمیی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان›[٤] بە سەرۆکایەتیی میرجەعفەر جەوادزادە - پیشەوەری.

پیشەوەری، کۆمۆنیست و ئازادیخوازی بەناوبانگی ئازەربایجان، چالاکی سیاسی، نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی گەلێک بەئەزموون و توانا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی›حریت›ی ئۆرگانی حیزبی ‹عدالت› - ساڵی ١٢٩٨ هەتاوی (١٩١٩ ز.)، سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی ‹کندچی›، ‹یولداش›، ‹کامونیست› و ‹اخبار› لە باکۆ[٥]، هەروەها سەرنووسەر و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ‹آژیر› لە ئێران بوو. یەکەم ژمارەی «آژیر» لە ١ی جۆزەردانی ١٣٢٢ لە تاران چاپ کرا.[٦] پیشەوەری کە یەکێک لە دامەزرێنەران[٧] و ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هەروەها ‹کۆمیسێری [وەزیری] کاروباری نێوخۆیی›[٨] لە حکومەتی سۆسیالیستیی گیلان(ساڵی ١٢٩٩ هەتاویی) بوو» لە ٦ی بەفرانباری ساڵی ١٣٠٦ هەتاوی لە لایەن [حکومەتی] ڕەزاشاوە لە تاران دەستبەسەر کرا»[٩] و، بۆ ماوەی ١٠ ساڵ هەتا ساڵی١٣٢٠ لە زیندان مایەوە و، پاش هاتنی هێزەکانی سۆڤییەتی بۆ ئێران، لە زیندان ئازاد کرا. «لە کۆتاییی جۆزەردانی١٣٢٢ بە هێنانەوەی زۆرتر لە ١٥ هەزار و ٧٨٠ دەنگ وەکو نوێنەری تەورێز بۆ مەجلیسی ١٤ی ئێران هەڵبژێردرا»[١٠]، بەڵام ڕەوتی پەسەندکردنی بڕوانامەیان خستە دواوە و،» لە ٢٢ پووشپەڕی ساڵی ١٣٢٣ وێڕای هەبوونی لە سەتا ٤٧ دەنگی ئەرێنیی نوێنەرانی مەجلیس، بە سێ دەنگی بێلایەن و ٥٠ دەنگی نەرێنی بە پێچەوانەی ماددەی ٧ی یاسای بنەڕەتی بڕوانامەکەیان ڕەت کردەوە.»[١١] «لە نێوەڕاستی خەرمانانی ١٣٢٤ پیشەوەری کە مەجلیس بڕوانامەکەیان پەسەند نەکردبوو، بۆ تەورێز گەڕایەوە و لەگەڵ پاشماوەی کۆنەکارەکانی فرقەی کۆمۆنیستی ئێران و شۆڕشی خیابانی [دوکتور جاوید، جەعفەر کاویان، عەلی شەبستەری]

دامەزرانی ڕێکخراوی نوێی ‹فرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی› ڕاگەیاند.»[۱۲] «ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› ئۆرگانی ناوەندیی فرقەی دیموکراتی ئازەبایجان لە تەورێز چاپ دەبوو و پیشەوەری بابەتە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەی ‹آذربایجانی› دەنووسی.»[۱۳] لە یەکەم ژمارەی›آذربایجان›دا «سێ بابەتی لە پێشدا ئامادەکراوی پیشەوەری وەک ‹فرقەمیز ایشە باشلادی [فرقەمان دستی بەکار کرد]، ‹هدف ما [ئامانجی ئێمە]، ‹روزنامەمزین دیلی›[زمانی ڕۆژنامەی ئێمە] چاپ کرا».[۱۴] پیشەوەری لە بابەتێک بەناوی» ›آذربایجان› ئاوێنەی سەرکەوتنەکانی ئێمە» بە بۆنەی دووەمین ساڵی چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە دەنووسێ:» ئەگەر لە من بپرسن لە سەردەمی ڕێبەریی بزووتنەوەی میللیدا، لەنێو کارەکانتدا، شانازی بە کامیانەوە دەکەی؟ دەڵێم بەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەی ‹آذربایجان›دا نووسیومن. پیشەوەری ئاماژە بە نووسینی تەواوی سەروتارەکان بە دەستی خۆی، هەروەها زۆر بابەتی بێ ئیمزا یان بە ئیمزای خەڵکی دیکەوە دەکات.»[۱۵] وێدەچێ کورتکراوەی نێوی لە «آذربایجان» «پ» و «ج» بووبێ.

لە ۱۴ی خەرمانانی ۱۳۲۰ - وە هەتا ۲۰ی سەرماوەزی ۱۳۲۵ واتە ڕۆژێک پێش ڕووخاندنی حکومەتی میلیی ئازەربایجان بەدەست سپای ئێران و داروەستەی فئێودالە کۆنەپەرستەکانی زولفەقاری، شاهسەوەن، بیگدەلی، ئەمیر ئەفشار و ... ، سەرجەم ۳۷۰ ژمارەی ڕۆژنامەی «آذربایجان» چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

بەشی هەرەزۆری ئەم ڕۆژنامەیە بێجگە لە چەند ژمارەیەکی لە سایتی «آرشیو اسناد اپوزیسیون ایران»دا بڵاو بووەتەوە[۱۶]. هەروەها نزیک بە ۲۰۰ ژمارەی ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› لە دوو بەرگدا لە ساڵی ۲۰۱۷ (بەرگی ۱) و ۲۰۱۸ (بەرگی ۲)— لە لایەن دەزگای «علم و تحصیل» لە باکۆ پایتەختی کۆماری ئازەربایجانەوە چاپ کراوە. بەرگی یەکەم، ژمارە ۱ هەتا ۹۰ و بەرگی دووهەم ژمارە ۹۱ هەتا ۲۰۰ لەخۆ دەگرێ.

پاش هێرشی بەکرێگیراوانی حکومەتی تاران و سپای ئیران بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان لە سەرماوەزی ساڵی ۱۳۲۵ی هەتاوی و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی - نەتەوەییی کورد و ئازەربایجانی، بەشێک لە ڕێبەران، کادر، ئەندام و لایەنگرانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان(زیاتر لە ۶ هەزار کەس) پاش پەڕینەوە لە چۆمی ئەرەس چوونە ناو خاکی باکووری ئازەربایجانەوە و، پاش ماوەیەک لە باکۆ دەستیان کرد بە دەرکردنی دەوری سێهەمی ڕۆژنامەی ‹آذربایجان›. «یەکەم ژمارەی ‹آذربایجان› ڕێکەوتی ۱۰ی سەرماوەزی ۱۳۲۶ لە باکۆ چاپ کرا».[۱۷] لەنێوان۱۴ی سەرماوەزی ۱۳۲۶ (۶ی دسامبری ۱۹۴۷) هەتا هاوینی ساڵی ۱۳۳۹ (۱۹۶۰)» ڕۆژنامەی «کوردستان»، ئۆرگانی حزبی دێموکراتی کوردستان لە لاپەڕەیەکدا لە ڕۆژنامەی «آذربایجان» چاپ دەکرا. لەنێو نووسەراندا، ناوی کەسانێک وەک نەمران: ڕەحیم سەیفی قازی، عەلی گەلاوێژ، ڕەحمان گەرمیانی، مستەفا شەڵماشی، کەریم ئەیوبی، ا. نادری، ڕشید.س، برای کورد، بەرچاو دەکەوێ. مامۆستا گەلاوێژ(ئاگری) و دوکتور ڕەحیم قازی نووسەر و بەرپرسی سەرەکیی ئەم ڕۆژنامەیە بوون. پاش یەکگرتنی حزبی تودەی ئێران و فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان «لە ساڵی ۱۳۳۹ بە دەستووری ڕێبەری حیزبی تودەی ئێران بڵاوکردنەوەی ئەم لاپەڕە کوردییە وەستێندرا».[۱۸] لە بەڵگەیەکی پەسندکراوی کومیتە ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران لە ژووئەنی ساڵی ۱۹۵۹ دا نووسراوە: :» لە ساڵی ۱۹۴۶ سازمانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کۆچیان[بۆ سۆڤییەت] کرد و چەند ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان – یش کۆچیان[بۆ سۆڤییەت] کرد[۱۹] و فرقەی دیموکراتی کوردستان لە کردەوەدا لەناو فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان تواندراوە. بەو چەشنەی کە کوردێک بوو بە ئەندامی بووروٚی[دەفتەری ناوەندی] فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و لاپەرەیەک لە ڕۆژنامەی ئازەربایجان کە لە باکۆ بڵاو دەبێتەوە، کرا بە ئۆرگانی فرقەی دیموکراتی کوردستان. ئەوە ئیتر وەزعێکی سەیروسەمەر و نائاسایی تر لە بوونی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجانە، لەبەرئەوەی بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان دەکەوێتە ژێر ڕێبەریی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان؟ خۆ کوردەکان لە باری نەتەوەیی‌یەوە لەگەڵ فارس و قەومەکانی دیکەی ئێرانی خزمایەتیی ڕەگەزی و زمانییان هەیە؟ وڵامی ئەم پرسیارە نەک لە بنەماکانی مارکسیسم لێنینیسمدا، بەڵکو تەنیا لە مەبەستەکانی باقرۆڤدا دەبیندرێتەوە کە لە ئازەربایجان و کوردستان بە شوێن سیاسەتێکی تایبەتەوە بوو. ناکرێ لەگەڵ ئەم بێسەروبەرییە بێبنەمایە (otni-yud) تەبا بی. باقرۆف بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە لە سەردەمی خۆی تەنگی بە بەشێک لە کوردەکان بە سەرۆکایەتیی هاورێ مستەفا بارزانی هەڵچنیبوو کە یەکێکە لە قارەمانە بەناوبانگەکانی گەلی کورد و، وێرای هەبوونی ئاوازەیەکی ئەوتۆ لەنێوان کوردەکانی ئێران و تەواوی گەلانی ئێران، ڕۆڵێکی گرینگیشی لە فرقەی دیموکراتی کوردستاندا بینیوە.»[۲۰]

هەرچەند حیزبی تودەی ئێران بڵاوبوونەوەی ئەم لاپەڕەیەی ‹کوردستان›ی لە چوارچێوەی ڕۆژنامەی ‹آذربایجان›دا وەستاند، بەڵام ڕێبەریی حیزبی تودە بەهیوا بوو بە هۆی نەمران د. عەلی گەلاوێژ، د. ڕەحیم قازی، د. قاسملو، مامۆستا حەسەنی قزڵجی و مامۆستا کەریمی حیسامی یەکیەتیی ڕێکخراوەییی حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان دابین بکات. لەبەرئەوەش، یارمەتیی چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی»کوردستان»ی بە سەرنووسەری دوکتور قاسملوو دا. «لە ڕێبەندانی ۱۹۶۵ هەتا خاکەلێوەی ۱۹۷۰ بیست و شەش ژمارەی کوردستان لە ئورووپا [پراگ] چاپ و بڵاو کرایەوە.»[۲۱]

پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ۱۳۵۷ و گەڕانەوەی بەشێک لە ڕێبەریی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە باکۆوە بۆ ئێران، «بڵاڤۆکی ‹آذربایجان› بە بەڕێوەبەریی»خۆشکەنابی» کە ئەزموونێکی زۆری لە فرقەدا هەبوو و لەگەڵ ئەم بڵاڤۆکە لە ساڵانێکی دووردا کاری کردبوو، بە دوو زمانی تورکی و فارسی بڵاو بووەوە.»[۲۲] خۆشکەنابی لە سەردەمی حکومەتی میللیی ئازەربایجان پاش شەبستەری یەکێک بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› بوو.

لە «بانەمەڕی ۱۳۵۸ هەتاوی هەتا بانەمەڕی ۱۳۵۹ حەوتوونامەی ئازەربایجان [دەوری چوارەم] لە تەورێز چاپ و بڵاو بووەوە، بەڵام پاش یەک ساڵ لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە پێش بە بڵاوبوونەوەی ئەم حەوتوونامەیە گیرا.»[۲۳]

پاش سەرکوتکردنی ڕێکخراوەکانی حیزبی تودەی ئێران لە ساڵی ۱۳۶۲ و چوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەم حیزبە و فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ یەکیەتیی سۆڤییەتی، دەوری پێنجەمی ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› لە لایەن فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە باکۆوە دەستی پێکردەوە و، هەتا ئێستاش بەردەوام چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

....

لە کاتی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بارودۆخ، ڕووداوە سیاسی و مێژوویی‌یەکانی هەر وڵاتێک، بێگومان کەڵک وەرگرتن لە بەڵگەنامەکان جێ و شوێنێکی تایبەتی هەیە و، لەم نێوەدا ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

دەتوانن گەلێک یارمەتیدەر بن. سەبارەت بە پێوەندییەکانی دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە ساڵانی ۱۳۲۴ – ۱۳۲۵ هەتاوی لە لایەن یاران و نەیارانی ئەم دوو حکومەتەوە بابەتی زۆر نووسراون. ئەم دوو حکومەتە وێڕای هاوکاری و هەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش، بێ کێشە و گرفتیش نەبوون. نوێنەرە سیاسییەکانی ئازەربایجان سەرەڕای ئەوەی بە باشی شارەزای چۆنیەتیی پێکهاتنی پارێزگای ڕۆژئاوای ئازەربایجان لە سەردەمی ڕەزاشا و مەبەستی تێکدەرانە و ڕەگەزپەرستانەی حکومەتی ناوەندی بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دوژمنی لەنێوان ئەم دوو نەتەوەیە بوون، بە چەشنی جۆراوجۆر موکریان و گشت شار و گوندە کوردییەکانی پارێزگای ڕۆژئاوای ئازەربایجان بە بەشێک لە خاکی ئازەربایجان لەقەڵەم دەدا، دەیانویست کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بێ و، لە باشترین حاڵەتدا» تەنیا ئەنجومەنێکی میللی لەژێر چاوەدێریی حکومەتی تەورێز و، پێنج کورسی لە مەجلیسی ئازەربایجانیان پێ بدرێ و، خودموختاریی کورد لەژێر فەرمانی حکومەتی تەورێز و لە چوارچێوەی ناوچەی مەهابادا قەتیس بمێنێتەوە.[۲۴] کاتێکیش نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشدارییان لە ڕێورەسمی کردنەوەی فەرمیی مەجلیسی میللیی ئازەربایجان لە ۲۱ ی سەرماوەزی ۱۳۲۴ لە تەورێز کرد، لەگەڵ ئەوان نەک وەکو شاندی ئەیالەتێکی دۆست و دراوسێ، بەڵکو وەکو نوێنەرانی بەشێک لە ئازەربایجان هەڵسوکەوت کرا. نەمر مەناف کەریمی، وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان، ساڵی ۱۳۸۲ لە وتووێژێک لەگەڵ «وەرزنامەی ڕوانگە» لە تەورێز باس لە چاوەڕوانیی ئازەربایجانییەکان بۆ سوێندخواردنی ئەوان وەکو فیداییی ئازەربایجان لە ڕێورەسمی دامەزراندنی مەجلیسی میللیی ئازەربایجان دەکات، ئەمە دەبێتە هۆی نارەحەتیی شاندی کورد و حاجی مستەفای داوودی لەم ڕێورەسمەدا تەنیا پشتیوانیی خۆیان لە نەتەوەی ئازەربایجان ڕادەگەیەنێ.[۲۵]

ئێمە لە ڕۆژنامەی ‹آذربایجان‹ بە چەشنێک شایەدی ڕەنگدانەوەی ئەم هەڵسوکەوتانەین و، وێدەچێ کەسانێکیش لەناو کوردا بە چەشنێک بەشدارییان لەم ڕەوتەدا کردبێ.

ئامانجی ئەم بابەتەی ئێستا چوونە نێو قووڵایی و تەواوی وردەکارییەکانی ئەم پێوەندییانە نییە و زۆرتر هەوڵ دراوە بە کورتی باس لەو خاڵانە بکرێ کە سەبارەت بە کورد و کوردستان لە ڕۆژنامەی ‹آذربایجان›دا چاپ کراون. بۆ هاسانکاریی کەسانێک کە بیانەوێ لەسەر بابەتی کورد و ئازەربایجانی لە ڕۆژنامەی «آذربایجان» و «کوردستان» بکۆڵینەوە، لیستەیەک لە سەردێڕی بابەتەکان و ژمارەی ئەم ڕۆژنامانە ئامادە کراوە. بەداخەوە بەپێچەوانەی ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› کە بێجگە لە چەند ژمارەیەک زۆرینەی ژمارەکانی لەبەر دەستدان، بەشێکی بەرچاو لە ژمارەکانی»کوردستان» هەتا ئێستا کۆ نەکراوەنەتەوە. وێدەچێ بە گشتی لە ساڵی ۱۳۲۴ - ۱۳۲۵ نزیک بە ۱۱۲ یان ۱۱۴ ژمارەی ‹کوردستان› چاپ کرابێ. هەتا ئێستا لەنێوان ژمارەکانی ۱ هەتا ۹۲ کوردستان کە لە لایەن بنکەی ژین و ئاراس لە ساڵی ۲۰۰۷ و پاشان لە لایەن دەزگای ئاراس لە ساڵی ۲۰۱۱ چاپ و بڵاو بوونەتەوە، تەنیا ۸۵ ژمارەی کۆ و چاپ کراون.[ژمارەی ۶۳، ۸۰ تا ۸۴، ۸۶، ۸۹ تا ۹۱، هەروەها ژمارەی ۹۳ هەتا ۱۱۴ بەدەستەوە نین].

لە بەشێک لە ڕۆژنامەکانی «آذربایجان» بابەتگەلێک وەکو پیرۆزبایی و پشتیوانیی کوردان لە دامەزران و دروشمەکانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، چاپی یەکەم، ژمارەی گۆڤاری کوردستان، سەردانی پێشەوا



بۆ تەورێز، پەیمانی نێوان دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان، داستان و شێعری کوردی و هتد بەرچاو دەکەوێ. کەسێک بیەوێ لەسەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بکۆڵێتەوە، بێگومان دەتوانی لەم سەرچاوانە کەڵک وەربگرێ.

...

دەکرێ ئەو بابەتانەی سەبارەت بە کورد و کوردستان لە «آذربایجان»دا بڵاو بوونەتەوە لە ۵ بواردا دابەش بکرێن:

- بڕووسکەکان،
- مێژووی کورد، بۆنە و ڕووداوەکانی،
- وێنە،
- شێعر و وێژەی کوردی،
- دۆستایەتیی گەلی کورد و ئازەربایجانی.

## ۱. بروسکەکان

پاش دامەزرانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ۱۲ خەرمانانی ۱۳۲۴

لە کاتی سەردانی نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان لە تاران – بانەمەڕی ۱۳۲۵

لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان – سەرماوەزی ۱۳۲۵

لە ژمارەی ۳ و ۴ ی ‹آذربایجان› ڕێکەوتی ۲۱ و ۲۵ خەرمانان دوو بروسکە لە لایەن محەمەدی یاهوو و کۆی کەسانێک لەژێر سەردێڕی «داواکاریی ئەندامەتی [فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان] لە ڕێگای نامە و بروسکەوە» چاپ کراون.

دەقی بروسکەیەکیان جارێک «لە میاندواوەوە لە لایەن ۲۰ هەزار ئەندامی حیزبی دیموکراتی کورد - محمد یاهو و»، دیسان هەر ئەو بروسکەیە، بێ ئاماژەکردن بە شوێنی ناردنی، بە هێنانی نێوی زۆر کەس و، ۲۰ هەزار ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردەوە چاپ کراوە.[۲۶]

سەبارەت بە پێوەندیی ئەم دوو بروسکەیە بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکرێ.

لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستان، یەکی خەزەڵوەری ۱۳۲۴ هەتاوی واتە نزیک بە ۷ حەوتوو پاش دامەزرانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان وەک ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێناسە کراوە، بەڵام حیزب وەکو درێژەدەری کۆمەڵەی ژ. ک، بە فەرمی ۲۵ی گەلاوێژ ۱۳۲۴ ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ. ک -ی بە ڕۆژی دامەزرانی خۆی ڕاگەیاندووە، واتە نزیک بە سێ حەوتوو پێش دامەزرانی فرقە، ئەویش نەک بە ناوی ‹حیزبی دیموکراتی کورد› بەڵکو ‹حیزبی دیموکراتی کوردستان›.

لە حاڵەتی یەکەم واتە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ۱ خەزەڵوەری ۱۳۲۴، تەنیا ڕێکخراوی چالاکی کورد پێش ئەم ڕێکەوتە کۆمەڵەی ژ.ک بووە و، نەدەکرا کاتێک کۆمەڵە هەڵنەوەشاوەتەوە و، حیزبی دیموکراتی کوردستان – یش بە فەرمی دانەمەزراوە، کەسێک بێت و بە نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردا!؟ و ۲۰ هەزار ئەندامی پەیام بۆ حیزبێکی دیکە بنێری و ڕاشبگەیەنی کە ئامادەن هەتا «ئاخرین دڵۆپەی خوێن لەو ئامانجەی کە جیهانی نوێ و شنەی ئازادی بەرەورووی تەواوی فرقەکان و برا ئازەربایجانییەکان دەکاتەوە دیفاع بکەن و، لە پێناوی گەشەسەندنی و پێشکەوتنی مەرامی پیرۆزی ئەوان، خۆیان شەریک و هاوبەش بزانن و پشتیوانی وەفاداریان بن.»

لە حاڵەتی دووەمیشدا، لە ئەگەری دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ۲۵ی گەلاوێژی ۱۳۲۴، ئەستەمە بە بوونی سەرۆک، کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندیی دەرەوە، ئەم حیزبە ئیزن بدات کەسێک بە ناوی ئەوان، ئەویش بەم ناوەرۆکەوە پەیام بۆ حیزبێکی دیکە بنێرێ. لە حاڵەتی ئاساییدا، شاندی حیزب لە ڕێورەسمی

دامەزرانی حیزبی دیکەدا بەشدار دەبێت و پەیامی خۆی دەخوێنێتەوە یاخود بە نێوی کومیتەی ناوەندییەوە پەیامەکەی دەنێرێ و لە ڕۆژنامەکەی خۆشیدا بڵاوی دەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە لە هیچ سەنەد و بەڵگەیەکی ئەوکاتە کە ئێستا لەبەردەستدان، باس لە نوێنەرایەتیی محەممەدی یاهوو وەکو وتەبێژ یان بەرپرسی پێوەندیی دەرەوەی کۆمەڵەی ژ. ک یان حیزبی دیموکراتی کوردستان نەکراوە. نەمر محەممەدی یاهوو هەرچەند یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک و ئەندامی کومیتەی ناوەندیی ئەم ڕێکخراوەیە بوو، هەروەها ناوی لەنێو لیستی ئەو ٧٣ کەسەدایە کە «بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان»[٢٧] یان لە یەکی خەزەڵوەری ١٣٢٥ ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان واژۆ کردووە، بەڵام ناوی لەنێو بەشدارانی یەکەم کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان یان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسانی سەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا نییە. تەنیا لە یەک دوو وێنەی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، محەممەدی یاهوو بە جلوبەرگی سپایی لەگەڵ پێشەوا و هێندێک لە وەزیران و کاربەدەستانی کورد دەبینددرێ[٢٨] و، لە ژمارە ٥٢ی ڕۆژنامەی کوردستان ڕێکەوتی ١١ی جۆزەردانی ١٣٢٥ بابەتێکی بە ناوی ‹مهابادی ئەورو› بڵاو بووەتەوە.

لەوە دەچێ ناردنی ئەم دوو بروسکە هاودەقە، زۆرتر لە پێناوی بەرژەوەندیی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا بووبێ هەتا حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد. ناوەڕۆکی ئەم بروسکەیە دانپێدانان بە سەروەریی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و لەقەڵەمدانی موکریان و شار و گوندە کوردییەکانی وەکو بەشێک لە خاکی ئازەربایجان و، پێناسەکردنی کورد وەکو یەکێک لە دانیشتووانی ئازەربایجانە. وەکو بێژی کورد بۆخۆی نیشتمان و نوێنەرایەتیی سیاسیی خۆی نەبێ و حیزبی دیموکراتی کورد!! لقێک بێ لە فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان؟

لەو دوو ژمارەیەی ٣ و ۴ی ‹آذربایجان›دا هەروەها سێ بروسکەی دیکە بە دەقێکی یەکسانەوە بۆ شاندی فرقەی پیرۆزی دیموکراتی ئازەربایجان ١) لە لایەن ٢٠ هەزار ئەندامی حیزبی دیموکراتی کورد، [کەس و شاری بروسکە لێدانەکە نادیارە]، ٢) سەید ئەحمەد[٢٩] بە نوێنەرایەتی لە لایەن کوردانی نەغدە و دەوروبەرەوە، ٣) هەروەها سەعید ئیبراهیمپوور[٣٠] لە لایەن تەواوی دانیشتووانی گوندی شنۆ، چاپ کراوە. [٣١]

بە پێی ئەم بروسکانە دەبێ نەمر قازی محەممەد لەو کاتەدا سەردانی تەورێزی کردبێ و ئەم کەسانە لە لایەن بیست هەزار ئەندامی حیزبی دیموکراتی کورد و دانیشتووانی شارەکانی نەغدە و شنۆ و دەوروبەر و، هەروەها تەواوی خەڵکی کوردەوە دەسەڵاتی ڕەهایان بە پێشەوا قازی محەممەد بۆ «تشریک مساعی و پیشرفت مرام آن فرقه» دابێ. بێگومان کاتێک پێشەوا وەکو سەرۆک و نوێنەری ڕێکخراوێکی سیاسی بەشداری لە ڕێورەسمی حیزبێکی دیکەدا دەکات، دەکرێ ئامانج و مەبەستی سەفەرەکەی پیرۆزبایی، پشتیوانی، هەوڵ بۆ هاوکاری بە پێی بەرژەوەندیی هاوبەش و ئاڵوگۆری بیر و ڕا لەگەڵ لایەنی بەرانبەر بێ، بەڵام ئەستەمە مەبەستی «پێشکەوتنی مەرامی» ئەو ڕێکخراوەیە بووبێ.

ئەم چەشنە هەوڵانە بۆ ئازەربایجانی پیشاندانی کوردستان و خۆ بە ئازەربایجانی زانینی دانیشتووانی، تەنانەت لە بەشێک لە پەیام و وتوویژەکانی ناو ‹آذربایجان›یشدا دەبیندرێ. بۆ وێنە لە ژمارەی۶۴ ‹آذربایجان›، ٦ سەرماوەزی ١٣٢۴، لە لایەن کەسێک بە ناوی ‹امامی› یەوە پەیامێک لە پەسنی زمانی ئازەربایجانی و پێکهاتنی ‹مجلس موسسان آذربایجان› و پیرۆزبایی لە «دەستەی نووسەرانی روژنامەی میللی ‹آذربایجان›» لە لایەن خۆی و تەواوی برا و خوشکە کوردەکانی کراوە.[٣٢]

یاخود لە ژمارەی ١٨ ‹آذربایجان›، ١٠ی سەرماوەزی ١٣٢۴، لەژێر سەردێری «درود بە نخستین کنگره فرقه دمکرات آذربایجان[سڵاو بێ لە یەکەم کۆنگرەی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان]» وتووێژی هەواڵنێری ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› لەگەڵ ئاغای حوسێن یەزدانی نوێنەری کومیتەی شاری خۆی، فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بڵاو بووەتەوە. لەم وتووێژەدا یەزدانی باس لە پشتیوانیی کوردانی دەوروبەری خوی، شاپوور و ماکۆ و بەڵێنی شەرافتمەندانەی ئەوان بۆ پشتیوانی لە دروشمەکانی فرقە و «اشتراک مساعی[هاوکاری]» لەگەڵ فرقە دەکات. ئەم پەیامە بە چەشنێک ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوتی بەشێک لە کاربەدەستانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ورمێ، خۆی، شاپوور و ماکۆ بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان بوو، کە گیر و گرفت و ناکۆکیی حیزبە دیموکراتەکانی ئازەربایجان و کوردستانی لێ کەوتەوە.

سەرەڕای واژۆکردنی پەیمانی دۆستایەتیی دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان لە ٣ ی بانەمەڕی ١٣٢٥ و ڕوونکردنەوەی شێوەی بەڕێوەبردنی ناوچە کورد و تورک نشینەکانی ئازەربایجان و کوردستان لە خاڵی دووهەمی ئەم پەیماننامەیەدا کە دەڵێ: «لە آذربایجاندا ئەو جیگایانەی کە دانیشتوانی کورد بن کاری ایداراتی دەولەتی بە کوردان دەبی، هەروەها لە کوردستانیش لەو جیگایانەی کە بەشی زوری دانیشتوانی آذربایجانی بن لە طرەف مامورانی حکومتی میلی آذربایجان ایدارە دەکریە -،»[٣٣]، کێشەی ناوچەی دەسەڵات و هەوڵی بەردەوامی تەشکیلاتی فرقە بۆ ڕاکێشانی کوردانی ئەم ناوچەیە بەرەو خۆی و دوورکردنەوەیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان تووڕەیی و نارەزایەتیی ڕێبەرانی کورد و بەتایبەتی قازی محەممەدی لێ دەکەوێتەوە.

بە پێی یادداشتی وتووێژی سەلومین. و. ی ی سەرکونسوڵی یەکێتیی سۆڤییەت لە ماکۆ، ٢٢ ئابی ١٩۴٦ [٣١ی گەلاوێژی ١٣٢٥] «قازی محەمەد ٣ی ئابی ١٩۴٦[١٢ گەلاوێژی ١٣٢٥] لە کونسوڵخانەی سۆڤییەت، لە وتوویژ لەگەڵ سەرکونسوڵدا، وێڕای دەربڕینی نارەزاییی خۆی بەرانبەر بە پیشەوەری ڕایگەیاندبوو، پیشەوری خۆی لە کوردان ناگەیەنێ و ئاگاداریان نییە و بڕیاری وەرگرتنی کوردەکانی لە فرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا داوە. قازی محەممەد گوتوویە: وەرگرتنی ئازەربانجانییەکان لە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا وەڵامدانەوەی بڕیاری پیشەوەرییە سەبارەت بە وەرگرتنی کوردەکانی ناوچەی میاندواو لە ڕیزی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا.»[٣۴]

لە ژمارەی ١٩٥ هەتا ١٩٧ی ‹آذربایجان›(٢٠ هەتا ٢٢ بانەمەڕ) بروسکەی بازرگانەکانی مەهاباد، سەرۆک عەشیرە و ئیلاتەکانی کوردستان[مەنگوڕ، زەرزا، گەورک و هتد]، کومیتەی مەهابادی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕوو بە جەنابی ئاغای پیشەوەری سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان، قەواموسەڵتەنە سەرۆک وەزیری ئێران، کۆپییەکەی بۆ ئەبولقاسم سەدری قازی و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی نوێنەرانی بەڕێزی کوردستان و نوێنەرانی ئازەربایجان، ڕۆژنامەی رهبر، ایران ما، ظفر، نجات ایران، کوهستان .... لەژێر سەردێری»آذربایجانین مختلف طبقەلری طرفینین گوندریلمیش نمایندەلره تلگرافلار» واتە بروسکە نێردراوەکانی چینە جۆراوجۆرەکانی ئازەربایجان بۆ نوێنەران، بڵاو بووەتەوە. لێرەدا وێڕای بوونی ڕستەی «نوێنەرانی کوردستان» باس لە چین و

تویژەکانی ئازەربایجان کراوە.

لە ۵ی سەرماوەزی ۱۳۲۵ قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێرانی بە بۆنەی هەڵبژاردن بۆ ۱۵مین دەورەی یاسادانان و بە بیانووی چاوەدێریی ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن سپای ئێرانەوە بروسکە بۆ دوکتور ‹سلام الله جاوید› پارێزگاری ئازەربایجان و پێشەوا قازی محەممەد [۳۵] دەنێرێ. قەوام لە بروسکەکەی بۆ پێشەوا داوای هاوکاریی پێویست بۆ بەرێوەبردنی ڕەوتی هەڵبژاردن لەگەڵ سپای ئێران لە ناوچە کوردنشینەکانی خۆی، شاپوور، ورمێ و مەهاباد دەکات. پێشەوا لە ۶ی سەرماوەز وڵامی ئەم ویستە نایاسایی‌یەی قەوام بەم چەشنە دەداتەوە:

"زۆر بە پەلە — ڕاستەوخۆ

جەنابی ئەشرەف ئاغای قەواموسەلتەنە سەروک وەزیر، بروسکەی ژمارە ۳۲۹۲۹ ی ئێوە سەبارەت بە بەشداری هێزەکانی چاوەدێری لە ڕەوتی هەڵبژاردن گەیشت. ئەوجۆرەی کە خاتری پیرۆزتان ئاگادارە ماددەی ۱۴ — ۱۶ — ۱۷ — و ۱۹ی قانوونی چاوەدێری هەڵبژاردن، بە ڕوونی چۆنییەتی چاوەدێری دەوڵەت بەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنی دیاری کردووە.

لە ئێوە چاوەڕوان دەکرێ بە لەبەرچاوگرتن و ڕێزلێنانی بنەما و یاساکانی دیموکراسی و بەرێوەبردنی لە لایەن شەخسی جەنابی ئەشرەفی ئێوە، هەروەها بە بەرگری کردن لە خۆتێهەڵقوتاندنی هێزەکانی ئاسایش لە هەڵبژاردن لە ناوچە کوردنشینەکان، کە لە کاتی ناردنی هێزەکانی ئاسایش و لایەنگرانی سەرلشکر ئەرفەع بۆ کوردستان لە دەوری ۱۴ی مەجلیس، و بە داسەپاندنی کەسانێک وەک محیط کاشی سەر بە حیزبی بزووتنەوەی میللی وەک وەکیلی کوردان، دڵی خەڵکی ئێمەی پێ بریندار بوو، بێگومان ئێوە ڕێ بەوەی نادەن ئەوە جارێکی دیکەش دووپات بێتەوە.

ئەم شتێکی ئاساییە کە فەرماندری قانوونی و فەرمی لە شوێنەکەی خۆیدا، وێڕای پاراستنی بنەما و بە لەبەرچاوگرتنی یاسای هەڵبژاردن دەتوانێ لە ماوەی هەڵبژاردندا ئاسایش دابین بکات. هەروەها لە کاتی پێویستدا کەڵک لە ماددەی ۴ی هەڵبژاردن وەردەگرێت، بەم پێیە، دەبێ لەم بابەتەوە خاتری موبارەکی جەنابتان بە تەواوەتی ئەرخەیان بێ.

تەواوی ئەو شتانەی کە مەبەست و ئامانجی جەنابی ئەشرەفە، بە تەواویەتی ڕەچاوکراوە، لە ئاکامی بوونی چاودەێرییەتی و ئاسایشی تەواو لە ناوچە، هیچ چەشنە کارێکی دژبەرانە سەرهەڵنادات.

سەبارەت بە ڕزائیە و خۆی و ماکۆش کە جەنابی ئەشرەف بۆخۆتان فەرماندارتان دیاری کردوە، ئاشکرایە لەوان داوای بە جێهێنانی بەرپرسیایەتییەکانیان دەکەن.

واژوو محەممەد قازی، ژمارەی ۲۵۴۹ — ۲۵/۹/۶ [۱۳[[= ۱۹۴۶/۱۱/۲۷]" [۳۶]

تەرجمەی دەقی بروسکەی قەوام و وڵامی پێشەوا و شیکردنەوەیەک لە لایەن ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› لە ژمارەی ۳۶۱ ی آذربایجان ڕێکەوتی ۶ی سەرماوەزی ۱۳۲۵ دا بڵاو بووەتەوە. ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› لە شرۆڤەی ئەم بروسکەیەدا باس لە هەوڵی قەوام بۆ داسپاندنی ویست و بڕیاری خۆیان بەسەر کوردە ئازادیخوازەکان و دووبەرەکی خستن لەنێوان ئازادیخوازانی کورد و ئازەربایجانی دەکات و دەڵێ: خەلکی ئازەربایجان و کوردستان ئیتر وشیار بوونەتەوە و بڕیاریان داوە بە سەربەستی بژین و، هیچ هێزێک ناتوانێ پەیمانی دۆستی و برایەتی ئەم دوو گەلە تێکبدات. ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› هەروەها ئاماژە دەکات و دەنووسێ: «جەنابی ئاغای قازی محەممەد پێشەوای خۆشەویستی گەلی کورد لە وەڵام بە بروسکەی فریوکارانە، دژ بە ئازادی و گێرەشێویانەی ئاغای قەواموسەڵتەنە، وڵامێکی ددانشکێنی پێی داوە و سەلماندویەتی کە گەلی کورد ئیتر ئامادە نییە لە ژێر باری زوڵم و ستەمدا بژی و، بەم چەشنە فرو فێڵانە دۆستی نێوان گەلی کورد و ئازەربایجانی تێکنادرێ.»

وڵامی بوێرانە و لۆژیکیی پێشەوا قازی محەممەد ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی لەناو کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆشنبیری لە ئازەربایجان بوو، تەنانەت شاعیرێکی ئازەربایجانی بە ناوی م. نیکنام بە هۆی وڵامی پێشەوا، شێعریکی بە ناوی «حرمتلی قاضی محمدین تلغرافینا» لە پەسنی پێشەوا و بوێرییەکەیدا گوتووە کە لە ژمارەی ۳۶۵ ڕۆژنامەی آذربایجان، ڕێکەوتی ۱۴ سەرماوەز ۱۳۲۵ بڵاو بووەتەوە:

عشق اولسون کوردلرین دوشونجەسینە — سڵاو بێ لە تێگەیشتوویی کوردان

عشق اولسون اونلارین پیشواسینا — سڵاو بێ لە پێشەوای ئەوان

## ۲. مێژووی کورد، بۆنە و ڕووداوەکانی

لە بەشێک لە ژمارەکانی ‹آذربایجان» بە بۆنەی یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان[۳۷]، دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستان[۳۸]، نوتقی پێشەوا بە بۆنەی دەست بە کارکردنی ڕادیۆی میللی ئازەربایجان[۳۹]، سەردانی پێشەوا لە سپای میللی ئازەربایجان[۴۰]، پەیمانی دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان[۴۱]، بڵاو بوونەتەوە. لە ژمارەی ۴۴، ۱۱ خەزەڵوەری ۱۳۲۴ نووسەرێک بە ناوی ع. پ بە پێی وڵامی یەکێک لە ئاغاکانی کوردستان[ناوی نەهێناوە] بە پرسیارەکانی، بابەتێکی بە ناوی»حیزبی دیموکراتی کوردستان» نووسیوە. نووسەر لەم بابەتەدا باس لە بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تەواوبوونی شەڕی جیهانی، ئەو زوڵمانەی لە حەقی گەلی کورد تا ئەوکاتە کراوە، درۆودەلەسەی ڕۆژنامەکانی تاران و هتد دەکات.

## ۳. وێنە

لە ژمارەی ۹۳(۱ بەفرانباری)، ۱۹۱ هەتا ۱۹۳(۱۶ هەتا ۱۸ بانەمەڕی ۱۳۲۵)، ۱۹۵ و ۱۹۶ (۲۰ و ۲۲ بانەمەڕی ۱۳۲۵) وێنەی سەرۆک و نوێنەرانی ئەو تایفە کوردانەی بەشدارن لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد، نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوو وێنەی پێشەوا و پیشەوەری لە فرۆکەخانەی تەورێز، دوو وێنە لە کاتی دەستەگوڵ پێدان بە پیشەوەری و پێشەوا، مانۆڕی تۆپچییەکانی سپای ئازەربایجان لە بەرانبەر پیشەوەری و قازی محەممەد، وێنەی پێشەوا و پیشەوەری لە کاتی تەماشای عەمەلیاتی نیزامیی سەربازەکان و، لە ژمارەی ۲۰۰(۲۶ی بانەمەڕی ۱۳۲۵سێ وێنەی کوردستان لەژێر سەردێڕی» قهرمان کرد خلقینین ییغنجاقلاریندان بیرنئچە منظرە» بڵاو بوونەتەوە.

## ۴. شێعر و ئەدەبیاتی کوردی

لە بەشێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› بابەتگەلێک بۆ شێعر و وێژەی کوردی تەرخان کراوە. لە ژمارە ۹۳ ڕێکەوتی ۱۴ی بەفرانباری ۱۳۲۴ شێعرێکی محەممەدی بێریا وەزیری فەرهەنگی ئازەربایجان لە پەسنی کورد بە ناوی»اتفاقە دعوت»، لە ژمارەی ۱۸۰، ۳ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ شێعری ‹محزون› بە ناوی -»کورد قارداشیما»، لە ژمارەکانی ۱۹۴، ۱۹ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ هەتا ژمارەی ۲۲۲ ،۲۱ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ زنجیرە هۆنراوەی «کوردلر»ی ‹اوهانس قوکاسیان› — تەرجمەی ‹مظفر درەفشی› بڵاو بوونەتەوە.

لە ژمارەی ۲۰۶، ۲ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ بابەتی «کردلر» نووسراوەی ف. ب سەبارەت بە کورتە مێژووی کوردستان، زمان و ئەدەبیاتی کوردی، هەروەها ئەخلاق و کرداری کوردانی تێدا بڵاو بووەتەوە. لە ژمارەی ۲۱۷، ۱۵ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ تەرجەمەی شێعری هێمن

لە لایەن مظفر درەفشـــی لەژێر ناوی»ســـنی اونوتمـــارام گـــوزەل وطنیم»[لەبیـــرت ناکەم نیشتمانە جوانەکەم] بەڵام بە وێنەی هەژارەوە؛ لە ژمـــارەی ٢٢١، ٢٠ی جۆزەردانی١٣٢٥ دا باس لە بڵاوبوونەوەی کتێبی شێعری شاعری لاوی کورد هـــەژار دەکات، بەڵام بە هەڵە بە وێنەی هێمنـــەوە لەژێر ســـەردێڕی: «جوان کورد شـــاعری هژارین شـــعرلر کتابچەســـی نشـــر ایدیلمشدر».[کتێبی شـــێعری شاعیری لاوی کورد هـــەژار چاپ و بـــڵاو بووەتەوە]. لـــەم بابەتەدا باســـی شـــێعرەکانی لاوی ٢٥ ســـاڵەی کورد هەژار لەگەڵ تەرجەمەی دوو شێعریشـــی بە ئازەربایجانی کراوە. هەر وەکو پێشـــتریش ئاماژە کرا لە ژمارەی ٣٦٥، ١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥ شێعرێکی ‹م. نیکنام› بە ناوی «حرمتلی قاضی محمدین تلغرافینا»[بۆ بروسکەی ڕێزدار قازی محەمەد] لە پەسنی پێشەوا و گەلی کورددا بڵاو بووەتەوە.

## ٥. دۆســـتایەتیی گەلـــی کـــورد و ئازەربایجانی

لـــە ڕۆژنامەکانی ‹آذربایجان› لە ژمارەی ٩٣، ١٩٥، ٢٢١، و ٣٦٧ لـــە بابەتگەلێکـــدا باس لە دۆســـتایەتی و برایەتیـــی دێرینی کورد و ئازەربایجانی، هەروەها بەرژەوەندیی هاوبەشیان کـــراوە. لە کورتە بابەتێکدا بە ناوی»کرد ملتی ایله آذربایجان ملتی آراسیندا اولان صمیمیت» لە ژمارە ١٩٥، ڕێکەوتی ٢٠ی بانەمەڕدا ئاماژە بە بەدیل گیرانی ٢٨ کەس لە سەردەشت بە هۆی هێرشـــی قشونی ناوەندی کراوە کە ١٧ کەســـیان ئازەری بوون و بە فەرمانی پێشەوا ڕادەستی حکومەتی ئازەربایجان کراونەتەوە.

دەربارەی ئەم شـــەڕە، لـــە ژمارەی ٤٩ی ڕۆژنامەی›کوردستان›، ٤ی جۆزەردان لەژێر سەردێڕی «دەنگو و باس هیرشی ارتجاع»، بە پێـــی ڕاپۆرتێکیان کە لە ڕۆژی ٢٨ی بانەمەڕ پێگەیشتووە کە باس لە هێرشی سپای فارسە کۆنەپەرەستەکان لە بەشی سەردەشت، بەدیل گیرانی ٣٠ کەس، کوژرانی دوو ئاغا و نۆکەری ئەوان، هەروەها بەغنیمەت گرتنی ١٤ قەبزە تفەنگ و هتد کراوە.

لـــە ژمـــارەی ٣٦٣، ڕێکەوتـــی ١١ی ســـەرماوەزی ١٣٢٥، ١٠ ڕۆژ پێش هێرشی هێزە کۆنەپەرەستەکان بۆ ئازەربایجان و پاشان کوردستان، بابەتێکی ‹حسن نصیرزادە› لەژێر ســـەردێڕی «آذربایجان و کوردن خلقلرینین دوســـتلوغی ابدیدر، بو دوســـتلوغی هیچ بیر قارا سیاســـت آرادان آپارماغـــا قادر دگیل» [هیچ سیاســـەتێکی ڕەش توانای لەناوبردنی ئەم دۆستایەتییەی نییە] وێڕای ئاوردانەوە لە زوڵـــم و زۆریی دیکتاتۆریی ڕەزاشـــا لە کورد و ئازەربایجانی، باس لە دۆســـتایەتیی دێرین، بەرژەوەندی و خەباتی هاوبەشـــیان لە ڕێگای ئازادیـــدا دەکات. هەروەها ئامـــاژە بە وڵامی پێشەوا قازی محەمەد بە بروسکەکەی قەوام و، ئاشکراکردنی نەخشە و فیتنەکانی دەوڵەت دژ بـــە ئازەربایجان و گەلـــی کورد دەکات و، بروسکەکەی پێشەوا بە وڵامێکی ددان شکێن بە ئەژمار دەهێنێ.

## دوا قسە

"هێـــزە فیداییـــەکان پێکهاتەیەکـــی سەرنجڕاکێشـــیان هەیە. لە مێژووی کوشتارە ڕەگەزیی و ئایینیەکانی ڕەزائیەدا، ئەوە یەکەم جـــارە کە کـــورد، ئازەربایجانی، موســـڵمان، ئاسۆریی و ئەرمەنی شان بە شانی یەک دژ بە دوژمنی هاوبەش شەڕ دەکەن."

کونســـولی بریتانیـــا لـــە تەورێـــز، ٢٦ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥.[٤٢]

لـــە ڕەوتـــی توێژینـــەوە، لێکدانـــەوە و هەڵســـەنگاندنی ڕووداوە سیاســـی و مێژوویی‌یەکانـــدا، کەڵـــک وەرگرتـــن لـــە بەڵگەنامەکان جێ و شوێنێکی تایبەتی هەیە و، لەم نێوەدا ڕۆژنامـــە و گۆڤارەکان دەتوانن گەلێـــک یارمەتیدەر بن. لە ســـاڵانی ١٣٢٥ — ١٣٢٤ هەتاوی لە ســـەردەمی دەسەڵاتی کۆمـــاری کوردســـتان و حکومەتـــی میلليی ئازەربایجاندا بەشـــێک لـــە ڕووداوەکانی ئەم دوو مەڵبەنـــدە، بۆچـــوون، تەبایی، ناتەبایی و هەڵســـوکەوتی ڕێبەرانی ئـــەم دوو حکومەتە و ... هتد لە ئۆرگانـــە فەرمییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەپێچەوانەی ڕۆژنامەی «کوردستان» کە بەشـــێکی بەرچاو لـــە ژمارەکانی بزر یان لەناو چوون، سەرجەمی ژمارەکانی ڕۆژنامەی ‹آذربایجان› بێجگە لە یەک دوو ژمارەی کۆ و سەرلەنوێ چاپ و بڵاو کراونەتەوە و، دەکرێ لە کاتی لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەو سەردەمە کەڵکـــی باشـــی لـــێ وەربگیـــرێ. بێگومان بزرنەبوونـــی ژمارەکانی ‹آذربایجان› پێوەندی بە بوونی کۆماری ئازەربایجانی ســـۆڤییەتی و دەرفەتی ناردن و بردنی سەنەد و بەڵگەنامەکان بۆ ئەو وڵاتە هەیە، بـــەڵام بەداخەوە بۆ کورد کە لە حەوت ئاســـماندا، ئەستێرەیەکی نەبوو، نە پاڵپشتێکی جێ متمانە، نەک شوێنێک بۆ ئارشیوکردنی بەڵگەنامەکان و ... هتد، دیسان جێـــی خۆشـــحاڵی و پێزانینە کە بەشـــێکی بەرچاو لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ‹کوردستان› بە هیممەتی کەسانێکی نیشتمانپەروەر وەکو نەمر ڕەشید باجەڵان پارێزراون و، دەکرێ لە کاتی توێژینەوەدا پشتیان پێ ببەسترێ.

دو گەلـــی کـــورد و ئازەربایجانـــی بـــە درێژاییی مێژوو لە ناوچەیەکدا پێکەوە ژیاون و لە بڕگەی جۆراوجـــۆری مێژووییدا ژیان و چارەنووسیان تێکەڵاوی یەک بووە. ئەزموونی نزیک بە یەک ســـاڵ دەســـەڵاتی نوێنەرانی سیاسیی ئەم دوو نەتەوەیە لە ساڵی ١٣٢٥ — ١٣٢٤ی هەتاوی لە ئازەربایجان و کوردستان و ئەوەی کە توانییان سەرەڕای تەواوی کێشە و گرفتەکان، بە شـــێوەیەکی ئاشـــتیخوازانە و ئەوڕۆیانـــە بـــە دانیشـــتن و دانوســـتان و ئیمزاکردنـــی پەیماننامـــەی دۆســـتایەتی کێشـــەکانیان چارەســـەر بکەن و، پێشگیری لـــە کەڵکوەرگرتنی دوژمنـــی هاوبەش لەم ناکۆکییانە بکەن، وەکـــو بەرگێکی زێڕین لە مێژوودا تۆمار دەکرێ.

ئاوڕدانەوەیەک لـــە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردســـتان و آذربایجـــان نیشـــان دەدات نوێنەرانی سیاســـیی ئەم دوو نەتەوەیە وێڕای هەبوونـــی بیـــر و هـــزری جیاواز، کێشـــەی خـــاک و ... هتـــد، پـــڕ لـــە بابەتگەلێکە کە ڕێگای دۆســـتایەتی، هاوکاری و تێگەیشتنی زۆرتر لە فەرهەنـــگ و مێژووی یەکتر خۆش دەکات. ئێمە دەبێ لـــەم ئەزموونە بەنرخە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستا و داهاتوومان کەڵک وەرگرین. ئەم دوو نەتەوەیە مەحکووم بە ژیانی هاوبەش لـــە ناوچە تێکەڵاوەکان و، دۆستایەتی و هەبوونی پێوەندیی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاســـی لەم ناوچەیەدان.

سیاسەتی نکۆڵی کردن لە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران لە هەر دوو حکومەتی شـــایی و مەلاییدا، پێناســـەکردنی ئێران وەکو وڵاتێکی یەک نەتەوەیی کـــە پێکهاتوو لە قەوم و هۆز و بنەماڵـــەی جۆراوجۆرە، ڕیشـــەی لە بیر و هزری پانئیرانیســـتیدا هەیـــە. گۆڕینی ناوی شوێنگەلێک لە ئێران وەکو بەندەرئەنزەلی بە پەهلەوی یاخود پێکهێنانی پاریزگای نوێ بە ناوی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە بەشێک لە خاکی ئازەربایجان و کوردســـتان لە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی بەئەنقەست و بە مەبەستی پێکهێنانی دووبەرەکی، کێشـــە و ناکۆکـــی لەنێوان ئەو گەلانە بووە. بەداخەوە ئاکامی ئەم سیاســـەتە زۆر جـــار لە ناوچە کورد و تورکنشـــینەکاندا وەک ورمێ و نەغەدە و ... هتد بە چەشنێکی نەرێنـــی ڕەنگ دەداتەوە، قەیـــران و بەیەکدا هەڵپڕژان و شەڕی قەومی لێکەوتووەتەوە.

بێگومان هەڵگیرســـاندنی هەر چەشنە ناکۆکییەک لەنـــاو گەلانی ئەم ناوچەیە تەنیا لـــە قازانجی حکومەتی ناوەنـــدی و بە زیانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد و ئازەربایجانی تـــەواو دەبـــێ. ئەرکـــی هێـــزە دیموکرات و ئازادیخوازەکان دووری کردن و ڕێپێنەدان بە

